
بە دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ پەکەکە و تورکیا عەبدوللا ئۆجەلان هەنگاوی وتوێژکان دەستپێکرد



ڕۆژنامەی "ئەل-مەنیتەر"ی ئەمریکی لە زاری سەرچاوەیەکی بەرپرسی دەسیەی کورد لەناو حکومەتی تورکیا ڕایگەیاند، "بە دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ ئەنقەرە و عەبدوللا ئۆجەلان دامەزرێنەری پارتی کرێکارانی کوردستان، هەنگاوی کردەوەیی بە وتوێژ دەستی پێکردووە".
لە هەواڵی ئەلمەنیتەر کە پشبەستە بە بەرپرسانی حکومەتی تورکیا، ڕێگە بە عەبدوللا ئۆجەلان دراوە وتوێژ لەگەڵ بەرپرسانی پەکەکە لە قەندیل بکات و هەر بڕیارێکی هەواڵەکەی، "ئۆجەلان بە بەرپرسە باڵاکانی پەکەکە ڕاگەیاندون، کاتی ئەو هاتوە دەربارەی دانانی چەک قسەبکەین".

شایەنی ئاماژەپێدانە، چەند ڕۆژێک دەخێکی نوێی سیاسی لە تورکیا هاتووتە ئاراوە، ئەوەش دوای ئەوەی هات یەکێ ئەم مانگە و لە ڕووڕەسمی دەستپێکردنی ساڵی نوێی یاسادانان لە پەرلەمانی تورکیا، دەوڵەت باخچەلی، سەرۆکی پارتی مەهەپەی ڕێگزپێرستی تورکیا چووە لای تونجەر باکرهان، هاوسەرۆکی دەم پارتی کوردی (هەدەپە) و پەرلەمانتارانی ئەو پارتە و تەوقەی لەگەڵ کردن و هەواڵی پرسین.
ئەو تەوقەیە باخچەلی لەگەڵ پەرلەمانتارانی دەم پارتی، مشتومڕێکی گەورەی لە میدیا ناوخۆییەکانی تورکیا دروستکرد، هەر بۆیە باخچەلی ڕایگەیاند: "لە سیاسەتدا هیچ شتێک نییە کە نەتوانین لەگەڵ

کەس و لایەنێک گفتوگۆی لەسەر نەکەین و چارەسەری نەکەین، پەیوەندی سیاسییمان، شەوازی ڕەق یان نەرممان پەیوەست نییە بە کەسایەتی یەک بە یەکی تاکەکان، بەڵکو سنووردارە بە بیرکە و تواناکانی بیرکردنەوەیانەوە".

سەرکی پارتی مەهپەی تورکی دەگەزپەرست ئاماژەی بۆکرد کە وەک ئاشتی سەردانی ئیزی دەم پارتی باکووری کوردستان کرد و دەستی بە تاوقکردن لەگەیاندا درژ کرد. گوتیشی: "ئەو دەستەی بە تاوقکردن درژم کرد، پەیامی یەکیزیی نەتەوەیی و برایەتیمانە، چرای هووناکییە کە وەک مەشخەڵی یەکەم پەرلەمان و گوتارە بەهەزەکەی بەڕێز سەرکەمارمان دەدرەوشێتەوە، هیوا و داواکاریە کە دەڵێت وەرن ببنە پارتی تورکیا، هووبەووی تیرەر ببنەوە، وەرن برایەتی هەزار ساڵە بچەسپێنن، ئەمە لە خۆوە بە بەهایانە، بەبەزاری و لە پەو بە بیرکردنەوە دەست بە تاوقە کردن درژ ناکەین. ئەمە بەبە هەکار سەاو و تاوقە ناکەین".

تاوەکو ئێستاش بەرپرسانی تورکیا و پەکەکە هیچ لەدوانکی ئاشکرایان لەبارەی هەواڵی دەستپەکردنی گفتوگەکانی نەوان ئۆجەلان و حکومەتی تورکیا و بەرپرسانی قەندیل نەداوە.